# راگەیاندنی کۆنگرەی جیهانی جینۆساید لەکوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر دروشمی بەجیهانی کردنی جینۆسایدی نەتەوەی کورد بەچاودێری بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆنگرەی جیهانی جینۆساید لەرۆژانی 26–28 کانونی دووەمی 2008 لەهەولێری پایتەخت لەهۆڵی بۆنەکانی شەهید مامۆستا سعد سازدەکات.

## ئامانجی کۆنگرەکە :

- به جیهان ناساندنی ئەنفال وەکو تاوانی جینۆساید.
- دۆکیومێنت کردنی جینۆساید دژ بەگەلی کوردستان.
- قەرەبووکردنەوەی کەس وکاری قوربانیان.
- بەدەستهێنانی پاڵپشتی و هاوکاری کۆمەڵگاو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ گەلی کوردستان.

## تەوەرەکانی کۆنگرەکە :

- جینۆساید دژی گەلی کوردستان لەڕوانگەی یاساییەوە.
- دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.
- ڕەهەندو دەرئەنجامە ئابووریەکانی جینۆساید.
- ڕەهەندە دیمۆگرافیەکانی جینۆساید.
- پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال.
- میکانیزم و ئامرازەکانی جینۆساید لەکوردستان.
- جینۆساید دژ بەگەلانی تر.
- بەئەرشیف کردن و دۆکیومێنت کردنی جینۆساید لەکوردستان.
- ئایندەی نەتەوەیەکی جینۆساید کراو

## مەرجەکانی توێژینەوەکان :

- دەکرێ ئەو توێژینەوانەی لە نامەی ماستەر و دکتۆرا وەرگیراون پێشکەش بکرێن.
- توێژینەوەکان بەیەکێك لە زمانەکانی کوردی، عەرەبی یان ئینگلیزی وەردەگیرێن.
- باشتر وایە توێژینەوە لە 15 پازدە لاپەرەی فولسکاب زیاتر نەبێت و کورتەکەشی یەك لاپەرە بێت.
- دەبێ هەر توێژینەوەیەك بەدوو کۆپی تایپ کراو و لەسەر کاغەزی A4 و نوسخەیەکیش لەسەر CD پێشکەش بکرێن.
- جۆری نووسینەکە بەهەر زمانێك بێ ئەوا بە فۆنتی (Tahoma) دەنووسرێتەوە.
- قەبارەی نووسینی ناونیشان و سەرباس بە (15) و ناوەرۆکیش بە (14) دەبن.

- مەودای (2.5سم) لەهەرچوار لای لاپەرەکانی نووسینەکە بەجێ دەهێڵرێ.
- توێژینەوەکان هەڵسەنگاندنی زانستییان بۆ دەکرێ.
- توێژینەوەکان چاپ دەکرێن و لە رۆژانی کۆنگرەکەدا دابەش دەکرێن.
- فۆرمی بەشدار بوو پردەکرێتەوەو لەگەڵ توێژینەوەکەدا هاوپێچ دەکرێ.
- لیژنەی باڵای کۆنگرە تێچووی نیشتەجێ بوون و هاتوچۆی توێژەران لە ئەستۆ دەگرێت.
- توێژینەوە و کورتەکانیان و فۆرمی بەشداربوو بەم ناونیشانە دەنێردرێن.

## کاتی وەرگرتن:

- 2008/1/2 دواکاتی وەرگرتنی توێژینەوەکان دەبێت.

## بۆ پەیوەندی کردن:

- وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.
- Momaa_2006@yahoo.com
- 00964662223398−00964662566452
- فاکس 00964662233197

**لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرە**

2007/11/26